پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۳۹۹
سال ۶، شماره ۲، پیاپی ۱۰

*Journal of Kurdish Literature*
Autumn and Winter 2020-2021
Vol. VI, No. 2, Series 10

# یارسان له نێوان دوو بەرداشی ڕەوشتی و ئاکاریدا
# به سەرنجدان به دەقه ئەدەبییەکان[1]

کاوه دەستووره[2]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۷ مرداد ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۱۸ بهمن ۱۳۹۹؛ صص. ۱۷۷-۱۹۲
DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.625

**پوخته**

توێژینەوەی بەردەست هەوڵێکە بۆ پێشکەش‌کردنی دوو گریمانە سەبارەت بە ئایینی یارسان. لە گریمانەی یەکەمدا ڕووە ڕەوشتییەکانی ئەم ئایینە دەخرێنە ڕوو. بە وردبوونەوە لە دەقە یارییەکان هەندێک ڕوو و ڕەهەندی ڕەوشتی و سوژەییانە دەردەکەوێت، کە جیاوازیان دەکاتەوە لە هەندێ ئایینی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گریمانەی دووەم هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ڕووە ئاکارییەکانی ئەم ئایینە. بە پێچەوانەی ڕووە ڕەوشتییەکانی یارسان، دەقگەلێکی بێ‌ئەژماریش لای یارسان دەست دەکەوێت کە زۆرتر جەخت‌کردنەوەیە لە سەر ڕووی ئاکاریی ئەم ئایینە. ئەگەر ڕەوشت بەو ڕوانگەیە پێناسە بکەین کە تێیدا «پەیوەندی بە خود» یان «پەیوەندی لەگەڵ خود» دەردەکەوێت و گەر ئاکاریش بریتی‌بێت لە کۆد و پرەنسیپەکان، دەتوانین ببینین کە لە دەقە یارسانییەکاندا، ڕەوشت پێگەیەکی بەرز و سەردەستی بە نسبەت ئاکارەوە نییە، ئەگەر تەنانەت پێگەیەکی خوارتریشی لە چاو ئاکاردا نەبێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە پلەی یەکەم، بە دوای پیشاندانی ناوەڕۆکی ئەم دوو گریمانەیەیە لە ناو هەندێ لە دەقە پیرۆزە یارییەکان. لە ئایینی یارساندا، هەر بە هەمان شێوە کە جەخت لە سەر ڕەوشت دەکرێت، قامکیش لە سەر ئاکار و بەئاکاری‌بوونیش دادەنرێ. دەقەکانی یارسان دەمانخەنە نێوان دووفاقەیی و دووبەرداشی لەم چەشنەوە. هەبوونی ڕووی ڕەوشتی، ئەم ئایینە دوور دەکاتەوە لە ئایینە یەکتاپەرستەکان، بەڵام ڕووی ئاکاریی ئەم ئایینە، لێکچوویی زۆریش لە نێوان ئەم ئایینە و ئایینە یەکتاپەرستەکانیش دەردەخات.

**وشەگەلی سەرەکی:** ڕەوشت؛ ئاکار؛ بەسووژەبوون؛ یارسان؛ زات.

**چکیده**

پژوهش حاضر در پی طرح دو فرضیه در مورد آیین یارسان است؛ فرضیه نخست به معرفی جنبه‌های رفتاری این آیین می‌پردازد. در این پژوهش با تحلیل متون یارسان، برخی از ابعاد رفتاری و سوبژکتیویته این آیین بررسی می‌شود که آن را از برخی از دیگر آیین‌های خاورمیانه متمایز می‌سازد. فرضیه دوم در پی آن است که جنبه‌های اخلاقی این مذهب را به تصویر بکشد. با وجود جنبه‌های رفتاری آیین یارسان، شمار زیادی از متون این آیین بر جنبه اخلاقی آن تأکید دارند. اگر رفتار را به عنوان رهیافتی تعریف کنیم که بر «ارتباط با خود» تأکید دارد و اخلاق را اصول و قوانین در نظر بگیریم، آنگاه می‌بینیم که در متون یارسان رفتار جایگاه بالاتری نسبت به اخلاق ندارد، اگر جایگاه پایین‌تری نیز نداشته باشد. در این پژوهش، ابتدا تلاش شده است که این دو فرضیه در متون یاری نشان داده شود. اگرچه در آیین یارسان، بر رفتار، اخلاق و اخلاقی بودن نیز تأکید شده است، اما متون یاری ما را در مقابل تقابل قرار می‌دهد. در حالی که جنبه‌های رفتاری این آیین آن را از ادیان توحیدی متمایز می‌کند، در عین حال، شباهت زیادی میان آیین یاری و سایر ادیان توحیدی وجود دارد.

**واژگان کلیدی:** رفتار؛ اخلاق؛ سوبژکتیویته؛ یارسان؛ ذات.

## ١ـ پێشەکی

یەک لە پێشکەوتە سەرنجڕاکێشەکانی هزری هاوچەرخ لە بواری پەیوەندی مرۆیی جیاکارییەکە کە زیاد لە چەند دەیە گەشەی باشی بە خۆیەوە بینیوە. ئەم جیاکارییە بریتیە لە جیاوازیی نێوان ڕەوشت و ئاکار. پێشتر بیرمەندگەلێ هەبوون کە باوەڕیان بەم جوداسازییە هەبوو، بەڵام ئەو سەرنجەی لە هزری فەلسەفی و زانستە مرۆییەکانی ئەم ساڵانەی ئاخردا خراوەتە سەر ئەم بابەتە یەکجار گەورە و جیاوازە. چەقی سەرنجەکان لەسەر جۆری پەیوەندیگەلێکە کە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدی پەیڕەوی دەکەن.

---

[1] ۱. فۆرمی سەرەتایی ئەم نووسینە، بە گریمانی جیاوازەوە، لە کۆنفرانسی "فەلسەفە لە کوردستان" لە ساڵی ۲۰۱۳ لە زانکۆی ماردین پێشکەش کراوە.

[2] ۲. استادیار گروه فلسفه و مطالعات فرهنگی، دانشگاه سلیمانیه، سلیمانیه، عراق
kaveh.dastooreh@gmail.com

ڕەوشت ئەو ڕوانگە و دەلاقە مرۆییەیە کە تێیدا «پەیوەندی بە خود» یا «پەیوەندی لەگەڵ خود» ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بەهاسازی و مانابەخشغدا. لە ڕەوشتدا تاک بۆ خۆی مانا و بەها دەبینێتەوە. ئاکار ئەو ڕوانگەیەیە کە بە پێچەوانەی ڕەوشت، شتەکان ڕوو دەدەن؛ لێرەدا تاک لەبەردەم هەندێ کۆد و ڕێسادایە و دوو ڕێگەی لە بەردەمە، سەرپێچی و لادان یان ملکەچی و پەیڕەوکردن. بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ناو ئەم بەستێنە لە پەیجۆری بە دوای مەعریفەیەکدا خۆی دەبینێتەوە کە مەراقیە بپرسێت بۆ ئەمڕۆ هەموو جۆرە پەیوەندیەکی هۆکاریانە،[1] کۆریلاتیڤ،[2] هتد. لە پەیوەندیگەلی جۆری ئامانجخوازیدا[3] کورت دەکرێتەوە کە زۆرتر لە خانەی ئاکاردایە؟ یان بە شێوەیەکی تر بڵێین، بۆ ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی خۆی لەسەر ئاکار[4] یان نۆرم[5] بونیاد دەنێت؟ ئەمە پرسیاری گشتی ئەم توێژینەوەتە. بە هێنانەپێشەوەی ڕەوشت وەک ئەو ڕووە مرۆییە کە گرنگی بە خۆ-پەروەدەکردن دەدات، لێرە دەپرسین بۆ ئەم ڕەهەندە مرۆییە لە سەردەمی مۆدێرن کاڵ دەبێتەوە و لەبەرانبەریدا ڕووە ئاکارییەکانی کردە وەک دادوەریکردن و حوکمدان گەشە دەسێنێت. لای ئێمە، وەڵامی ئەم پرسیارە بە گەڕانەوە بە مێژوودا مومکین دەبێت.

لێکۆڵینەوە لە دەقە یارییەکان بەشێکی بچووکە لەم پرۆژە مێژووییە. پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە کە لە کوردستان ڕەوشت[6] چ پێگەیەکی هەبووە بە گشتی؟ دواتر، ڕەوشت چ ڕۆڵێکی هەبووە لە ناو دەقە مێژوویی و ئایینیەکانی وەک یارسان بە تایبەت. چونکە ئەمڕۆ وەها دەنوێندرێت کە هەندێ ئایین لە کوردستان وەک یارسان، لەسەر کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفی و داناییانە لە ئایینە تاقانەپەرستەکان جودا و جیاوازن (طاهری، ٢٠١٣. ڕۆستەم، ٢٠٠٦). بەم بۆنەوە پرسیارەکانمان بەم جۆرە ورد دەکەینەوە تاکوو بەم گریمانانەی خوارەوە برۆینە پێشەوە. دەتوانین ببینین کە لە دەقە یارسانیەکاندا، ڕەوشت بوونی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئاکاریش بوونی هەیە. بەڵام وەک ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت ئایا بەڕاستی لە ناو ئەم دەقانەدا ڕەوشت پێگەیەکی بەرز و سەردەستی بە نسبەت ئاکارەوە هەیە. وەڵامی ئێمە بۆ ئەم جۆرە هەڵوێستە نەرێنیە، جا هەرچەند قەبووڵیش دەکەین کە پەیوەندی ئەم دوو جۆرە ڕوانینە لە خۆیاندا و لەڕووی دەقەوە لە لێڵیەکدایە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پلەی یەکەم هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ئەم دوو ڕەهەندە لە ناو دەقی یاریدا؛ یارسان ئایینێکە کە لە ڕووی دەقییەوە جەخت لە سەر ڕەوشت دەکرێتەوە، بەڵام ئاکار و بە ئاکاریبوونیش ڕوویەکی یەکجار بەرجەستەی هەیە. ئەمە سەرنجی سەرەکی و دواتر گریمانەی ئەم توێژینەوەیەیە.

پێش چوونە ناو بابەتەکە بە چڕی، پێویستە دوو ئاماژەی خێرای مێتۆدۆلۆژی بخرێتە ڕوو: یەکەم، بۆچی تەنها دەقی پیرۆز لەم نووسینەدا جێگای بایەخە؟ لە هەموو ئایینەکاندا، دەق گرنگترین پێگەی لە ناو هەموو سەرچاوەکاندا هەیە. جگە لەمە، بە بایەخدان بە دەق، دەمانەوێت خۆمان لە پێچ و پەناکانی ڕاڤە و شیکاری لایەنگرانی ئەم ئایینە بپارێزین. لە هەڵسەنگاندنی هەر ئایینێکدا پێویستە ناوەڕۆک و بنەما ئایینیەکان لە ڕاڤە، پاساو و حەزی کەسی جودا بکرێتەوە. دووەم، چۆن و تا چەند ئەم جیاکارییە فەلسەفیە لە نێوان ڕەوشت و ئاکاردا ڕەوایە؟ لە دونیای فکر و فەلسەفەی هاوچەرخدا، بە تایبەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەم جیاکاریە وەک بنەمایەکی پێویست لای زۆرینەی بیرمەندان خۆ دەنوێنێت. ئەم جیاکاریە لای هەر بیرمەندێک بە شێوازێک و لەسەر بنەمایەک وەستاوەتەوە؛ هەر کامیان لە سەر بنەمایەک و لە دەلاقەیەکی جیاوازەوە بەم بڕوایە گەیشتوون. جیاوازیەکان هەرچی بێت، دەکرێت کۆی ئەم بیرانە لە یەک شتدا یەک بگرنەوە: پێویستی جیاکردنەوەی ئاکار و ڕەوشت. لێڤیناس (١٩٨٥)، ڕەوشت بە فەلسەفەی یەکەم دەزانێت و پێی وایە ڕەوشت پێش هەموو ڕوویەکی فەلسەفیە، تەنانەت ئێپیستێمۆلۆژیا، بوونناسی و هتد. دۆلۆز (١٩٨٨: ٢٣) بە پێویست دەزانێت کە دەبێت بە قازانجی

[1] Causal.
[2] Correlative.
[3] Teleology.
[4] Moral.
[5] Norm.
[6] Ethics.

ڕەوشت لە ئاکار بدرێت. هابرماس (۱۹۹۳: ۱۱۵)، لاکان و ڕۆرتیش (۲۰۱۰) هەر جەخت لەسەر ئەم جیاکاریە دەکەنەوە. فۆکۆ پێی وایە بە دانانی ئەم جیاکاریە، پێویستە پەیوەندی نێوانیان هەر ڕابگیرێت؛ بەڵام بە زاڵکردنی ڕەوشت بە سەر ئاکاردا. بۆیە جیاوازیە فکریەکان هەرچی بێت، و شێوازی ڕوانین بۆ ڕەوشت هەرجۆر بێت، هەموویان ئاکار بەو ڕووە ڕەق، توند، ئازادیڕەوێن و زاڵمە لە پەیوەندی مرۆیی دەبینن کە پێویستە تێپەڕێندرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بدرێت بەو توێژینەوانەی کە تاکوو ئێستا لەم بوارەدا، یان لە بواری هاوشێوەدا کراوون. لە کوردستان لەسەر مێژووی ئاکار، یان ڕەوشت هیچ توێژینەوەیەک بەدی ناکرێت. هەرچی هەیە، گواستنەوەی ئەم چەمکانەیە لە ڕێگای وەرگێڕانی تیۆریی ئەم بابەتانە لەسەر دەستی بیرمەندانی ڕۆژئاوا. سەبارەت بە ئایینەکانیش بە گشتی و بەتایبەت ئایینی یاری، تاکوو ئێستا هەوڵی جیددی نەدراوە، بەو شێوەی کە پەیوەندی بە کاری ئێمەوە بێت. لە *ئایین و تایفە ئایینییەکان لە کوردستان* مێهرداد ئیزەدی( ۲۰۰۲) بەشێکی باش لەم پەرتووکە تەرخان دەکات بۆ ناساندنی ئەم ئایینە (ل. ٤٤-٥٥). بەڵام ناساندنەکەی ئیزەدی گشتی و فەرمیە. بەشێکی باشی ئەم ناساندنە تەرخان کراوە بە ڕووە بنەڕەتییەکانی ئەم ئایینە، مێژوو و جوگرافیاکەی. ڕەزا حەمزەیی لە پەرتووکی *یارسان*، هەر بە هەمان شێوە قەناعەت دەکات بە ناساندنێکی گشتی ئەم ئایینە. سەرەتا تەرخان کراوە بە ناساندنی پەرتووکە پیرۆزەکانی ئەم ئایینە، وەک *سەرئەنجام*. دواتر بەشێکی باش تەرخان کراوە بە پێگە جوگرافی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ئایینە لە ناوچەکە. مێژووی ئایینەکە بە پێی ژیانی گەورەکان، وەک سوڵتان سەحاق و باوە سەرهەنگ قۆناغبەندی کراوە. داستانی پەیدابوون، پەیوەندیی لەگەڵ مەزداییسم، بنەما ڕۆحییەکانی ئەم ئایینە لە بەشی دواتردا شیکراوەتەوە. تەنها لە بەشێکدا ئاماژەیەکی خێرا دەکرێت بە بوونی پرەنسیپی دووانەیی[1] لەم ئایینە (ل. ۱۱۹) و بوونی حەوت سەرکردەی تاریکپەرست بەراورد دەکات لەگەڵ بوونی هەمان پرەنسیپ لە ئایینی مەزداییسم، بێ هیچ ئاماژەیەک بە پەیوەندیی ئەم پرەنسیپە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیکە. بەشێکی باش لەم پەرتووکە بۆ شیکردنەوەی بۆنە و کۆڕەکانی ئەم ئایینە و دواتر دامەزراوەی یارسان وەک ئایین تەرخان کراوە. شەهاب وەلی (۲۰۰۸) لە تێزێکی دوکتۆرا هەوڵ دەدات زۆرتر بنەما و پرەنسیپە ڕۆحی و ئایینیەکانی یارسان وەک داستانی پەیدابوون پیشان بدات. بەشێکی باشی ئەم تێزە تەرخان کراوە بۆ جوداپیشاندانی ئەم بنەمایانە لە بنەما ناسراوەکانی ئایینی شێعە. سەرەڕای بەرچاوڕوونیەکی باش کە ئەم هەوڵانە دەیخەنە بەردەستی خوێنەر، ئێمە هێشتا ناتوانین زۆر پشتیان پێ ببەستین. چونکە جۆر و ئامانجی کاری ئێمە زیاتر لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان ساخ دەبێتەوە. یانی مرۆڤ چۆن ئاکار و ڕەوشتی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە ڕێک دەخات.

لەم نووسینەدا، بۆ سەلماندنی ئەم گریمانانە، پێش هەموو شتێک ڕوونکردنەوەیەکی خێرا دەخرێتە بەردەست بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەم دوو چەمکەی ئاکار و ڕەوشت کە ئێستا لە فکر و فەلسەفەی هاوچەرخدا گرنگیەکی بەرچاویان پەیدا کردووە. ڕەوشت چییە، ئاکار چییە، لەم بەشەدا دەخرێتە بەر ڕووناکی. دواتر پێویستە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو چەمکە بخرێتە ڕوو؛ باشترە ڕەوشت زاڵ بێت بە سەر کۆد و ڕێساکاندا؟ یان دەبێت زاڵ بێت؟ ئەم جۆرە پرسیارانە لە دوایین بەشی تیۆریی ئەم نووسینەدا، زۆر بە خێرایی، ئەم پەیوەندییە ڕوونتر دەکەنەوە. دوای تیشک خستنە سەر ئەم ڕووە تیۆرییانە، لە یەکەم هەنگاودا، ڕوو و ڕەهەندی ڕەوشتی لە دەقە پیرۆزەکانی یارسان دەخرێتە ڕوو. لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێت بە شیکاریی ئەم دەقانە، ئامانجی نووسینەکە پێش بخرێت. دواتر ڕووە ئاکاریەکانی ئەم ئایینە بەرجەستە دەکرێت، هەر بە پشت بەستن بە دەقە پیرۆزەکان. وەک دەرئەنجامێک ئەم نووسینە بەوە کۆتایی دێت کە خوێنەر یان خوازیاری دەقی یاری هاوکات لە بەردەم دوو جۆر ڕوانینی جیاوازدایە؛ لە شوێنێک هان دەدرێت بۆخۆی بەها و ماناکەی خۆی پەیدا بکات و لە شوێنی دیکەیش بەها و مانای ئامادە دەخرێتە بەردەستی.

[1] Dualism.

## ٢ـ مێژووی پەیوەندی لەگەڵ خود

پرسیاری سەرەکی لەمەڕ ئەم بابەتەی ئێستا ئەوەیە کە بۆچی ئەمڕۆ زیاتر مەیلمان بەرەو لای گونجاندنی دیاردە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانە لە ناو بازنەی ئاکاردا؟ پرسیار ئەوە نیە پێناسەمان لە ئاکار چیە یان دەبێت چی بێت، یان ئەوەی کە ئاکاری باش کامەیە و کامەش خراپە. ئێمە لێرەدا زۆرتر دەپرسین بۆچی دەبێت بۆ هەر دۆخێک ئاکار ببێتە پێوەر؛ چۆن ڕووی داوە و چۆن ڕوو دەدات کە ئاکار دەبێت بە ئاخێزگەی هەر چەشنە کۆمەڵگایەک؟ بۆ ڕەوشت پێگەی خۆی لە دەست دەدات؟ بۆچی ئەمڕۆ هەموو ستایلێکی ئاکاری و سیاسیمان لە ڕێگای هەڵچوون و داچوون، دژایەتی کردن و دەرخستنی درۆکانە؟ (مەکئینتایر، ١٩٨١: ٦). کەواتە، بۆ ئێمە ئامانج دەرخستنی مێژووی ئاکار و ڕەوشتە وەک ئەزموونێک؛ ئەزموونێک کە دەبێت دەری‌بخات کە لە چ قۆناغێک ئەم ئەزموونە دەستی پێکردوە. لێرەدا ئەزموون وەک پەیوەندیەک دەبینرێت «لە نێوان کۆیەک لە مەعریفەکان، شێوەگەلی نۆرماتیڤیتی[1] و شێوەگەلی سابژکتیڤیتی[2] لە ناو فەرهەنگ» (فوکۆ، ١٩٨٤: ١١). یانی دەبێ ببینرێت کە چۆن تاکی کورد (یارسان) ئەزموونی خۆی دەکات وەک سوژەیەکی ئاکار، وە هەروەها چۆن دەتوانێت ئەزموونی خۆیشی بکات وەک سوژەیەکی ڕەوشت. ئەمە مێژووی یاریی حەقیقەتە. وەک ئەو جۆرەی فوکۆ دەڵێت: «ئەو یاریە ڕاست و ناڕاستانەی کە لە ڕێگایانەوە کەسێک پێیدا تێدەپەڕێت بە شێوەیەکی مێژوویی وەک ئەزموون، یانی کەسێک وەک بوونێکی توانا و خاوەن هزر دەردەخات» (هەمان: ١٣). کەواتەو پرسیاری ڕێڕەوناسانەمان ئەمە دەبێت کە چۆن و بۆچی و بە چ شێوەیەک چالاکیەکی مرۆیی دەچێتە خانەی ئاکار یان ڕەوشت؟ بۆیە ئەمە مێژووی هەڵسوکەوت یان نوێنەرایەتیەکان نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو بارودۆخانەی تێیاندا کەسێک بوونی خۆی، یان ئەو شتەی کە دەیکات، کێشامێز[3] دەکات. بۆچی لە سەردەمێکدا چالاکیە مرۆییەکان بە تەعبیرێکی ئاکاری مانادار دەکرێت، - ئەو شتە باشە و خراپە، ئەوە قەدەغەیە و ئەوە قەدەغە نیە، لە کاتێکدا لە سەردەمێکی تر ئەو کێشامێزیە کەمتر بایەخی هەیە.

ئەمە بەو مانایە نییە کە ئاکار لای ئێمە گرنگیی نەبێت وە یان ئەوەی بمانەوێت بە تەواوی لە ڕەوشت جودای بکەینەوە، بەڵکوو ئێمە جەختمان لەسەر ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا ئەوە ئاکار و ڕێساکانیەتی کە کارگێڕیی چالاکیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی دەکات تا ئەو شتەی کە ناوی ڕەوشتە. ئەم بیرۆکەیە پێش هەموو شتێک ڕەخنەیەکە لەو پێگە گرنگ و بەرزەی کە ئاکار لە کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردی پەیدای کردوە بە هەوڵدان بۆ نیشاندانی ئەو خەسارانەی کە بە دوای بێبایەخ بوونی ڕەوشت ڕووبەڕووی کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردی بوونەتەوە.

بۆیە مێژووی ئێمە بۆ ئاکار و ڕەوشت، مێژوویەکی ڕەخنەگرانەیە کە بۆ دەرخستنی فرەچەشنی و فرەڕەهەندیی ئاکار و ڕەوشتەکان کە پەیوەست بە هەر حاڵەتێک، هەمیشە هەر «ئیمکانێکی دیکە» هەیە: ئەمە مێژووی ڕێژەگەریەکی لانیکەمییە[4]. لێرەدا ڕێژەگەری بە مانی ڕەفزی بونیادخوازی[5] دێت (ڕۆرتی، ٢٠١٠: ١٤). ئامانج ئەوە نییە کە کولتورێک بە تەواوی لە سەر بنەماکانی ڕەوشت دابنرێت؛ لە سەر متمانە، تەبایی، و پێکەوەژیان. بەڵکو ئامانجی ئێمە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەم بنەمایانە دەبێت گرنگیی خۆیان پەیدا بکەنەوە، بەو جۆرە کە لە ڕابردوودا بووە؛ هەروەها کە ناتەبایی[6] بنەمایەکی یونیڤێرساڵی نییە لای ئێمە، تەباییش ناتوانێت بە یونیڤێرساڵی دەرکەوێت (بێرنارد، ١٩٨٩: ٦٥). بەهایەکی ئاکاری و ڕەوشتی پێش ئەوە ئیدەئالێکی بێگەرد و ڕەها بێت، کردە و پراکتیکێکی کرداری و مەیدانیە کە بوونی وەک بەها تەنها بە دۆخەوە (ئۆکشووت، ١٩٨٩: ١٩١). چونکا هیچ ئاکار و ڕەوشتێک بە تەواوی ئاگامەند و هۆشیارانە نییە (هەمان: ١٩٨).

---

[1] Normativity.
[2] Subjectivity.
[3] Problematisation.
[4] Minimal.
[5] Fundamentalism.
[6] Disagreement.

بەو جۆرەی کە ریچارد تایلۆر (۱۹۸۹) ئاماژەی پێداوە، هزری سیاسی ئەمڕۆژیمان پێویستە خۆی لە داوی ئیدەئال بوون بهێنێتە دەر، جا لە ژێر هەر ناوێک بێت؛ ئیدەئالی ئیپیستێمۆلۆژی یان ڕادیکاڵیەتی بونیادخوازی ئۆتۆپیایی، بۆ ئەوەی جێگایەک بۆ فرەچەشنیی واقعی بەها و بەرژەوەندیەکان بکرێتەوە، ئەو شتەی کە ئێمە بە قووڵی باوەڕمان پێیەتی(۲٤۰).

## ۲ــ۱ــ بۆ دەبێت ئاکار و ڕەوشت لێک جیا بکرێنەوە؟

لای بەشێکی زۆر لە فەیلەسووفان و کۆمەڵناسان، ئەم دوو چەمکە لێک جودا ناکرێنەوە و هەردووکی تەعبیرە لە یەک شت. بەڵام لای هەندێکی تر لە زانایان، ئەم دوو چەمکە هەرچەند نزیکیش بن، بەڵام تەعبیر لە دوو شتی جیاواز دەکەن. بۆیە هەروا کە دەبینرێت ئێمە ئەم ڕوانگەی دووەممان هەڵبژاردووە. هەوڵی ئێمە لێرەدا خۆی بە سەنتێزێک وەسف دەکات کە بەهرەمەندە لە ئەنجامی بەرهەمی هەندێ هزری بیرمەندی مۆدێرن وەک سپینۆزا و نیچە و هەندێ بیرمەندی هاوچەرخ وەک دۆلۆز، رۆرتی، تایلۆر و تەنانەت ئارنت، و بەتایبەت فوکۆ. ئەوەی کە کۆی ئەم هزرە جیاوازانە لای ئێمە کۆدەکاتەوە، جەختی هاوبەشیانە لە جوداکردنەوەی ئاکار و ڕەوشت؛ هەروەها جەخت لە پێشخستنی ڕەوشت وەک دەرکەوتەیەکی ئازادی و وەک هەلێک بۆ ئافراندنی ئەزموونێکی نوێ. بەم پێیە ئەوەی ئاکارە بریتیە لە: لە کۆدی هەڵسوکەوت، ڕێسا و یاساکانی هەڵسوکەوت. ئاکار خۆی لەو کۆدانەدا دەبینێتەوە کە بە دەستەواژەگەلی «دەبێت»، یان «نابێت» دەستپێدەکەن. لە ئاکاردا هەموو کات سوژە لە بەردەم پەیرەوکردن و پەیرەونەکردنی کۆدەکاندایە. ئەگەر تاکێک پەیرەوی کۆدێک بکات ئەوا لە بازنەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی-سیاسیەدا دەمێنێتەوە و ئیمکانی ئەوەیش هەیە پاداشت بکرێت. بەڵام ئەگەر کەسێک لا بدات لە کۆد یان کۆدەکان، ئەوا ئەو تاکە بە لادەر دەژمێردرێت، و ئیمکانی هەیە لە هەندێ حاڵەتی گرنگدا سزایش بدرێت. بەڵام، ئەوەی کە بریتیە لە شێوەکانی سابژێکتیڤیتی، لای ئێمە بە ڕەوشت ناوزەد دەکرێت. لەم کاتەدا، ئیتر سوژە لە بەردەم هەڵبژاردنی «پەیرەوکردن یان پەیرەونەکردنی» کۆدەکان نییە، بەڵکوو ئەوە خۆیەتی کە بەها یان بەهاگەلێک بۆ ژیانی خۆی پێناسە دەکات و لە کۆتاییدا وەک کۆد بە سەر خۆیدا واجبی دەکات. ئیتر لێرە، «دەبێت، نابێت» جێگای خۆی دەدات بەوەی کە کەسێک چۆن دەتوانێت ببێتە داهێنەری بەهاکانی ژیانی خۆی، یان ئەوەی کە بتوانێت بە نەفەسێکی تاکەکەسیانە پەیرەوی ئەو کۆدانە بکات کە کۆمەڵگا برەویان پێدەدات. لە ڕەوشتدا، تاک، داهێنەر، ئازاد و دەسترەنگینترە لە پەیڕەوی بەهاکاندا. لە ئاکاردا، تاک لە نێوان بژاردەی دەبێت، نابێت و پەیرەوکردن یان پەیرەونەکردندایە؛ لە ڕەوشتدا، تاک لەسەر بەهاکان دانووسان دەکات، دەستکاریی دەکات، خۆی لا دەدات، خۆی دەدزێتەوە، لە بەرانبەریدا دەوەستێت، یان نوێگەری دەکات. مرۆڤی ئاکاری لە بەردەم بژاردەیەکی سادەی شتەکاندایە، و مرۆڤی ڕەوشتی سەرپشکە لە بەرانبەر فرەچەشنیەک لە ئیمکانەکان.

جیاکردنەوەی ئەم دووانە زەحمەتە، بەڵام، ئەوەش گونجاوە و مومکینە کە هەر یەکەیان بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆمی پەرە بسێنن و ئەوەش گونجاوە کە هەر کامیان بە جودا بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوە. لە هەندێ کولتووردا بە تایبەتی جەخت دەخرێتە سەر سیستەمی بوون، دەوڵەمەندی و توانای کۆدەکان بۆ خۆگونجاندن و خۆسەپاندنیان بە سەر هەموو حاڵەتە کولتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریەکان. لەم شێوە کولتورانەدا کۆدەکانی ئاکار هەموو مەوداکانی هەڵسوکەوت دادەپۆشن. لەم حاڵەتەدا، بەسوژە بوون لە زۆرینەی کاتەکاندا لە ڕێگای کۆد و ڕێسا نیمچە یاساییەکانەوە دروست دەبێت بۆ خۆسازدانیان لەگەڵ بنەما یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان. بەڵام هەندێ کولتوری دیکەش هەیە کە تێیاندا زۆرتر سەرنج دەخرێتە سەر شێوەکانی سابژکتیڤیتیی ڕەوشت. نووسینی هەر چەشنە مێژوویەک لەو چەشنە دەبێت هەموو ڕاستی و ڕەهەندە جیاوازەکانی بابەتەکە بگرێتەوە؛ ئێمە ناتوانین بە یەک پێوەر مێژوویەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەند بخوێنینەوە، بۆیە جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە پێویستە. بۆ ئەم شتە دەتوانین دوو بەڵگە بهێنینەوە، یەکەم بەڵگەی تیۆریک، دووەم هەندێ تۆژینەوەی مێژووی فکر، کە لێرەدا خۆی بە دەقەکانی یارسانەوە پەیوەند دەدات.

## ٢ـ٢ـ پەیوەندیی تیۆریک لە نێوان ئاکار و ڕەوشتدا

بۆ ئێمە، ڕەوشت گرنگیەکی تایبەتی بە نسبەت ئاکارەوە هەیە، چونکە ڕەوشت دەستنیشانکەری ئەو پرەنسیپانەن کە کردەوەیەکی مرۆیی لە ئاخێزگەیەکدا ڕێنوێنی دەکەن کە تێیدا هەڵبژاردن مومکینە، هەرچەند ئەم هەڵبژاردنەش لە ناو گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوو بدات و هەر ئەو گروپەیش بێت کە ڕێساکانی هەڵسوکەوتی دیاری کردبێت. ڕەوشت ئەو گەڕانەیە بە دوای مانا لە ڕێگای پەرەسەندنی تاکایەتیەکان، کە تێیدا کردەوە خۆی دەردەخات وەک حاڵەتێکی نادووانەیی-ڕووانگەیەک سەرتر لە ڕووانگەی باشە و خراپە. بۆ ئێمە، وەک دۆلۆز (١٩٨٠: ٢٧) جەختی لەسەر دەکاتەوە، ڕەوشت جیاوازە لە ئاکار وەک شێوەیەک لە بوونی ناونشینی[١]. ڕەوشت حوکمدان و دادوەری[٢] ڕەد دەکاتەوە. دژبەری نێوان بەهاکانی باشە و خراپە[٣] (گەورە) وەلا دەنرێت و لە جێگای هەندێ تایبەتمەندیی جیاوازی شێوەکانی بوونی باشە و خراپە[٤] (بچوک) دادەنرێت. ڕەوشت ئاراستەکراوی پەیوەندییە بە سۆز و عاتیفیەکانی نێوان توخمەکانی جەستە یان گروپێکە. لە کاتێکدا ئاکار شێوەکانی بوونە بە نسبەت بەها سەرۆییەکان.[٥] ئاکاریەت، سیستەمی بڕیار و حوکمدانە کە تێیدا دژبەری بەهاکان بە شێوەیەکی تایبەت بەرجەستە کراوە. بەم بۆنەوەیە کە ڕەوشت دەبێ وەک ئەزموون، پراکتیک، سابژێکتیڤیتی و سیاسەت ببینرێت. ئەگەر پرسیاری سەرەکی ئاکار ئەمە بێت : «دەبێ چی بکەم؟» یان «چۆن دەبێ هەڵسوکەوت بکەم»،' پرسیاری سەرەکی ڕەوشت دەبێت بە: «چی دەتوانم بکەم؟» یان «چیم لە توانادایە بۆ کردن؟»، «چۆن دەتوانم دەسەڵاتەکانم چالاک بکەمەوە؟»، «چۆن دەتوانم بڕۆمە ئەولای سنورەکانم؟» و «چۆن دەبێت بژیم؟».

## ٣ـ ڕووە ڕەوشتییەکان لە دەقی یاریدا

با وەک دەسپێک لە «دۆنادۆن»ەوە دەست پێبکەین. لە دۆنادۆندا، هەر مرۆڤێک دوو قۆناغی هەیە: قۆناغی یەکەم، قۆناغی ناچارییە. ئەو قۆناغەیە کە بوونی مرۆڤ لە دەست خۆیدا نییە؛ مرۆڤ بەدی دێت، بەڵام خۆی نە کاریگەریی هەیە بەسەر ئەم هاتنەوە نە دەتوانێت ڕەدی بکاتەوە. بوونی ئێستا دواهات و ئەنجامی ژیانی پێشووە. بەڵام ئەوەی کە گرنگە و سەرنجڕاکێش، ژیانی ئێستا و داهاتووە. ئەوەی کە ڕابردوو نییە یان ئێستایە یان داهاتوو. کەواتە ئەم قۆناغەی دووەم کە ناچاری نییە، ئەو قۆناغەیە کە لە کۆتایی ڕابردوو و سەرەتای ئێستادا دەست پێدەکات. قۆناغی دووەم قۆناغی هەڵبژاردن و ئازادیە. بۆیە دەتوانین ئەم قۆناغەی دووەم بە سەر دوو کاتدا دابەش بکەین؛ ئێستا و داهاتوو. هیچ کامیان ڕابردوو یان ناچاری نییە. گرنگیی دۆنادۆن لێرەدایە کە مرۆڤ دەخاتە بەردەم دوو بەرداشەوە؛ ئێستا تاک خاوەن خۆیەتی، بەڵام ئێستا داهاتوویش دیاری دەکات. ئەمە وادەکات کە ئێستا و داهاتوو لێک جودا نەکرێنەوە. ئەگەر ئێستا بە دەست خودی مرۆڤ بێت و داهاتوویش بەرهەم و ئەنجامی ئێستایەک کە دەکاتە ڕابردووی داهاتوو، ئەوکات مرۆڤ ڕووانینی بەتەواوی دەگۆڕێت سەبارەت بە ژیان، ویست، ئامانج و چارەنووس. خاڵی سەرنجڕاکێش لە دۆنادۆن بەرجەستەبوونەوەی ئەم کاتەی «ئێستایە»[٦]. ئێستا ساتی جودابوونەوە و ماڵئاواییە لە ڕابردوو، جا هەرچەند کە دەیشتوانێت کاتی مانەوە لە ڕابردوودا بێت؛ کاتی حەسرەت و ئاوات بۆ ڕابردوویەکی دیکە بۆ گۆڕینی ئێستا. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کاتی پلان و کارکردنە بۆ ژیانی داهاتوو. کاتی بڕیاردانە لەسەر ژیانی داهاتوو. بۆیە تێگەیشتن لە ئێستای دۆنادۆن مرۆڤ دەخاتە بەردەم «بژاردەیەک»، کە بژاردەی بڕیاردانە بۆ ئێستا و بەتایبەت ژیانی داهاتوو. دۆنادۆن تێگەیشتنێکی ڕەوشتی دروست دەکات بۆ تاکی یارسان، ئەگەر لە چارەنووسسازی ئێستا تێبگات. بۆیە ئێستای دۆنادۆن دەتوانێت هەم بەردەوامی و گیرخواردن بێت بەدەست ڕابردوو، یان قۆناغی ئازادی و داهێنان بێت بۆ دەربازبوون لەو ناچاریەی کە بەسەریدا سەپێندراوە.

---

[1] Immanent.
[2] Judgment.
[3] Good/Bad.
[4] good/bad.
[5] Transcendent.
[٦] «ئێستا» لە هزری فەیلەسوفانی وەک فوکۆ، دۆلۆز، رۆرتی، دێریدا و هتد. لە چەمکە هەرە ناوەکیەکانە کە ڕاستەوڕاست گرێ دەدرێت بە چەمکی ئازادییەوە.

ئەگەر لە دۆنادۆنیش بگەڕێین، ئەوا لە دەقەکانی یاریدا چەندەها تێگە و ڕووانینی دیکە هەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئیمکانی ئازادی و بژاردە دەخەنە بەردەم شوێنکەوتەی ئایینی یاری. وەک لە بەندی خوارەوەدا دەردەکەوێت، مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە ڕاگەی هەتا کۆتایی دەگەیەنێتە ئەنجام، و ئەوەیش کە نائازادە لەم بەهرە بێبەشە. لەم بەندەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤی یاری خاوەن ئەزموونی ژیانی خۆیەتی هەتاکوو «ئەوسەر»—هەتاکوو کۆتایی:

میٚردێ ئازادە ڕاگەش بەرد ئەوسەر        مێردی نائازاد وە یاری ئەو وە دەر

(طاهری: ١٦٦)

بەڵام ژیانی ئازادی هەڵگری بژاردە، ئەو ژیانە نییە کە لە خۆوە بەدی بێت. ژیانی لەو چەشنە ئەو کاتەیە کە کەسێک پڕاوپڕ باوەش دەکات بە ژیاندا و خۆی بۆ تەرخان دەکات. ئازادی بە مانای ڕزگاربوون نییە لە بەند و سنوورەکان. ئازادی ئەو ساتەیە کە مرۆڤ بە تەواوی خۆی بۆ ئەو ژیانە تەرخان دەکات کە دەیەوێت، ئەو کاتەی کە دەست و دڵ دەبێت بە شەرە:

دەست و دڵێ وێت بکەرە شەرە        هەر کارێ بەدەن ئانە مەکەرە

(*سرانجام*، ۲۰۰۷، دوره بارگه بارگه: بند ۱۵، ل. ۳۷۲)

لە دەقەکانی یاریدا گەلێک بەڵگە هەن کە من لە ئەوی تر جودا ناکەنەوە. لە فەلسەفەی ئاکاردا من و ئەو یان تۆ لێک جودان. حەز و خۆشیەکانی من بە مانای هاوبەشبوون نییە لە حەز و خۆشیەکانی تۆدا. ئەمە بۆ تەنگ و چەڵەمە و گرفتەکانیش ڕەوایە؛ ئەگەر من لە گرفتێکدا بم مەرج نییە ئەوە حەتمەن گرفتی تۆیش بێت. بەڵام ئەم پەیوەندی نێوان من و تۆ یان ئەویدییە لە هزری ڕەوشتیدا یەکسەر پێچەوانە دەبێتەوە. فوکۆ فێرمان دەکات چێژ ئەرێنی و هاوبەشە. ئەم شتە لای دۆلۆز حەزە کە ئەرێنی و هاوبەش دەمێنێتەوە. لای لێڤیناس، ئەویتر مەرجی هەموو دەسپێکێکی ڕەوشتە. ئیتر بە پێچەوانەی ئاکاریبوونی کلاسیک من و تۆ لێک جودا نین. ئەم هاودڵیە و ئەم پەیوەندیە دوولایەنە لای یارستان بە جۆرێکە کە هەرکەس دەبێت بە دەست و دڵ لەگەڵ یارەکەیدا بێت. بەڵام ئەم چەشنە لە ئازادیە تەنها بۆ یاری نزیک نییە، بەڵکوو ئازادیەکە کە بۆ هەموو دونیایە، هەروەها کە بۆ تەیموور بووە. پەیوەندی نێوان من و تۆ وەک ئەو هێزەیە کە ئەژنۆکانمان (زانو) دەیدەن بەیەک، تاکوو لە ئەنجامدا ببێتە بەرهەم. هەموو دەسکەوتێک ئەوکاتە بەدی دێت کە پێکەوە (وە هەم) بکرێت.

هەرکەس دەس و دڵ چەنەش یار نیەن        نە دوکانی یار خەوەردار نییەن

(طاهری: ١٦٧)

یان:

یاران مەر ئەوسا تەیموور دڵشاد بۆ        ئازادی عالەم دادڕەسی داد بۆ

(طاهری: ١٦٧)

یان:

نە جەم ئەو زانووی یەکتر بدان هێز        تا پەی باقی تۆ بکەران ئاخێز

(*سرانجام*، دیوان باباناوس: بند ٥٤، ل.١٤٧)

هەروەها:

وە ئەدەب وە جەم بنیشدێ بێ غەم        پەی یەک بکەردێ دەسباری وە هەم

(*سرانجام*، دیوان باباناوس: بند ٦٢، ل. ١٦٥)

لە ئایینی یاریدا پێشنیاری زۆر کراوە کە خودا لە پەیوەندی خۆتان لەگەڵ مرۆڤەکاندا بدۆزەوە. ئەو وێنانە لەم بەندانەی خوارەوە بەم شێوەیە: دیداری یەک، پۆلی هاودڵ، ئاوێنەی زێلان. کەسی تەنها زوو هیلاک دەبێت، بەڵام کەسانێک کە پشتی یەکن، دەست و ڕوویان بە جوانی یەک دەشۆنەوە:

وە دیدار یەک بیمشان بشۆران        مەولام مەدەو کام بۆ دیدەداران

(*سرانجام*، دوره بارگە بارگە: بند ۷۰، ل. ۳۹۸)

یان:

من کە سەمەدم نە چهرەی یارەن        چ ئامان لوان کاوەم چ کارەن

(طاهری: ۱۶۹)

پولی هام دڵی، پولی هام دڵی        بەیدی بنێشدێم پولی هام دڵی
ئایینەی زێلان بدەریم جڵی        نە جەم حەل مۆ گردی موشکلی

(*سرانجام*، دوره قەولتاس: بند ۸، ل. ۵۲۳)

یان:

یار بیَ یاوەر بنیشۆ وە تاک        یار بیَ یاوەر زوود مەبۆ هەلاک

(طاهری: ۱۶۹)

هەروەها:

خەڵەت نابیَ لە شۆن ناچیَ بە عەبەستە        مێردان پشتی برایی، مووە بە موو بەستە
دەست و بیمیان بە جەمالی یەکتری شوستە        قەوڵی پادشا و پیر نەگرن بە شکەستە

(*سرانجام*، دیوان عابدین: بند ۹۵، ل. ۵۹۷)

هەموو یارییەک پیرێکی هەیە، تەنانەت سوڵتان سهاک کە هێمای تەواوی ڕاستیەکانە، هەر خۆی وەک مورید دەناسێنێت. ئەمە ئەو پەیوەندیە هاوسەنگ و هاوئاستە دەگەیەنێت کە تەنانەت دەبێت هێما هەرە دیارەکانی ئەو ئایینەیش پەیڕەوی بکەن. خۆدۆزینەوە پرۆسەیەکە کە دەبێت بە هاوڕێی کەسێکی دیکە بکرێت. پیر و فێرخواز (تالب) هەردووک پێویستیان بە یەک هەیە؛ هەردووکیان دەستی یەک ماچ دەکەن؛ پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز پەیوەندیەکی دوولایەنەیە تاکوو یەک لایەنە:

پیری و تاڵبی پەروانە و شەمەن        دەس یەک بۆسان خاکە و پای هەمەن

(طاهری: ۱۷۰)

یەکێکی دیکە لە تێگەهە سەرنجڕاکێشەکانی دەقی یاری باوەڕبوونە بە نەبوونی خراپە، بە مانای زاڵبوونی خراپە وەک هێزی باڵادەست. شتێک هەیە کە ناوی بوونە وەک گشت، چونکە ئەم گشتە لە هاوسەنگی و گۆڕاندایە، بۆیە خراپە بۆ ئەم هاوسەنگیە بوونی نییە؛ کەلامی حەق کە وەک هێمایەک لە گشتەوە دێت، «دڵئێشان» و دڵپیسی دەڕەوێتەوە:

وە ڕۆحمان وەشەن وە گیان ڕەحمەتە        هەر کە نە جەمدا بۆنێش کدرەتە
وە کەلام حەق نەبۆش سۆبەتە        نەنیشت وە ئەرکان نەورد لززەتە
چەنی یاوەرش نەویش سیففەتە        ئەو وە هامقەولش نەنیۆ حورمەتە
پالارو خواران نەبۆش مۆبەتە        بەشش بوڕ تۆ نەبۆی قودرەتە

برِۆژش وە ڕەنگ ژارە و مافەتە　　بەوەیش نە جووق ئالو سەرکەتە
یارانت ئەو هەم ناچان توهمەتە　　زالْم نەوانێ نە ڕای زللەتە

(*سرانجام*، دیوان باباناوس: بند ۵۷، ل. ۱۵۰)

لە هەندێ شوێن تەنانەت شوێنکەوتەی یاری داوەت دەکرێت کە وەڵامدانەوەی خراپە بە چاکە بداتەوە. ئەو ئەگەر دەردت پێشکەش بکات، تۆ بە گیان وەڵامی بدەوە چونکە وەڵامەکەت بۆ تۆ سوودە، بەڵام ئەو هەر لە زیاندا دەمێنێت:

جەوزشان وە دەستەن سەرچشمەی نێڵی　　یاری نەکەران وە فەند و فێڵی

(*سرانجام*، دیوان بارگە بارگە: بند ٦٤. ل. ۳۹٤)

ئەو مەواچۆ دەرد تۆ باچە گیان　　پەرێ تۆ سودە پەی ئەو زیان

(طاهری: ١٦٦)

لە دوایین تیگەهـ لە دەقەکانی یاری کە ئاماژە بێت بە ڕوانگەی ڕەوشتی، ئامادەبوونە بۆ دیالۆگ و دانووسان. لە ڕوانگەی ڕەوشتیدا ڕاستی بە شێوەی بەردەست و رەها بوونی نییە. بۆیە ڕاستی دەبێت بە هەوێنی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، دەربڕین و چاککردنەوەی بڕوا سەرەتاییەکان. ئایینی یاری وەک بەهەشتێک وەسف دەکرێت کە ئازار تێیدا بوونی نییە، چونکە کەس کاری بە کاری ئەویدی نییە. ئەمە بە مانای بێپرەنسیپی و سەرگەردانیی نێوان تاکەکان نییە لەوێدا. ڕاستی بابەتە بۆ مشتومڕ، بەڵام ئەگەر دەرئەنجامێک بەدی نەهات ئازار، «قەهر و قار» لە ئارادا نییە. ئەم دیالۆگە تەنانەت لەسەر خودی ئایینی یاریش ڕەوایە؛ بەڵام هەروەها 'کلام' وەک دەقی پیرۆزیش دەگرێتەوە. بۆیە هیچ شتێک وەک دۆگم دەرناکەوێت:

یاری جەنەتەن، ئازار نەدارۆ　　کەسی وە کەسی کاری نەدارۆ

(طاهری: ۱۷۰)

یان:

ڕاگەو ڕا داری وە زوور نەڕانان　　دۆستم نەورەشو دین وە دیناران
یاری نەکەران پا قەهر و قاران　　وەرنە ئەز وە ژار پەی گازوماران

(*سرانجام*، دیوان باباناوس: بند ۳۹، ل. ۱۱۵)

هەروەها:

بە کلام نەرم کەن سەرێ ئاسنینێ　　بۆ میتان بێژن وەکو یاسینێ

(*سرانجام*، دیوان عابدین: بند ۱۳۸، ل. ٦۲۳)

هەمدیسان:

فەرزەن مەچرۆ، نەوبەی بابۆوەن　　وەشا پا کەسە وە یاریش خۆوەن
یاری و کلام جای گفتوگۆوەن
جای گفتوگووەن ڕای کۆج و کەلام　　موهر بی هەفتاد و دوو بارگەی مەولام
باقی بارگەی سڕ نمەبۆ تەمام

(کلام، دوره بارگه بارگه: بند ۷۲، ل. ۳۹۹)

هەروەهاش:

ئەگەر ئایین وێت وە خاس مەزانی           وە ئایین کەس بەد نمەوانی

(طاهری: ١٦٦)

## ٤ـ یارسان وەک ئایینێکی ئاکاری

بە وردبوونەوە لە دەقەکانی یارسان، بۆمان دەردەکەوێت کە لەم ئایینەدا وەک هەموو ئایینێکی تری ناوچەکە، جەخت لە سەر نۆرمسازی و دابینکردنی سنووری نێوان من و تۆیش دەکرێتەوە. بۆیە ئەم گریمانەیە ڕەدە کە یارسان لە ڕووی پێگەی ئاکار و ڕەوشتەوە بەتەواوەتی جیا بێت لە ئایینەکانی تر. لە دەقی یارسان، وەک دەقی ئیسلامی، مەسیحی و جوولەکە دژبەری نێوان باش و خراپ، یان دووانەویستیش بە قوولّی دەبینرێت، جا هەرچەند وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەلّگەی پێچەوانەی زۆریش بوونیان هەیە. لەم دەقانەدا ئاکار وەک کۆکەرەوەی نۆرمەکان هەروەها دەورێکی بالّا دەنوێنێت و هەندێ جار ڕەوشت کەمڕەنگ دەکاتەوە. بۆیە دژبەری و پارادۆکسێک لە نێوان دەقەکاندا هەیە. با لەمەودوا هەندێ بەلّگەی دەقی وردتر بخەینە ڕوو کە لە دوکتۆرینی یارساندا گرنگیەکی تایبەتیان هەیە و زۆرتر ڕووە ئاکاریەکانی ئەم ئایینە دەردەخەن.

پێش هەموو شتێک، زاتی خودایی[1] شتێک نییە کە بۆ هەموو کەسێک بێت. بۆ هەر زاتێک دەرەوە و ناوەوەیەک هەیە. زات خودایی و ناخودایی هەیە. زاتی خودایی پاکە و بێگەردە و زاتی ناخوداییش ناپاک و خەوشدار. زات وەک ئاولّناوێک دەردەکەوێت کە دەدرێتە پالّ کەسێک وەک بەشێکی دانەبڕاوەی ئەو کەسە. ئەوەی کە ئەو زاتەی هەیە خودایی دەبێت و ئەوەی کە نیەتی، لە دەرەوەی ئەم خانەیە دەمێنێتەوە. زات ئەو شتەیە کە نەگۆڕە، دەستکاری ناکرێت، لە دەرەوەی ویستی تاکە. زات ئەو ماکە ڕەق و نەگۆڕەیە کە تەنها بوونی کافیە بۆ ئەوەی شێوازی بوونی کەسێک بەتەواوی بگۆڕێت. ئەگەر زاتێک پاک بوو، ناتوانێت ناپاک بێت و بە پێچەوانەوەیش. بۆیە لێرە ئیتر ویستێک، ئازادی و بژاردە مانای نامێنێت. بوونی ئەم چەمکە گرنگە لە دەقی یاریدا ئەوەمان پێ دەلّێت کە لە لایەکی دیکە دەقی یاری لە بەندی ئەم جۆرە توخمە ئاکاریەدایە تاکوو نەتوانێت لەگەلّ توخمە ڕەوشتیەکاندا بە ئاسانی خۆی ڕێکبخات بەو شێوەی کە لە سەرەوە باسمان کرد. جگە لەمە، بونیادخوازی و ڕەهاگەریی دووانەیی تایبەت بە ئاکار کە زۆربەی کاتەکان تایبەت بە ئایینەکانیش دەکرێتەوە، بە زۆری لە دەقی یارساندا هەیە: وەک گورگ و بەرخ، گورگ پێشتر و لەسەرەتاوە تاوانبار و بەرخ هەر لەسەرتاوە بێگوناە و پاک (سرانجام، دیوان شاخوەشین: بند ١٨، ل. ٢٣). گورگ ئەو بوونەوەرەیە کە خاوەن زاتی گورگە، کەواتە ناتوانێت گورگ نەبێت؛ بەرخیش هەروایە، و خاوەن زاتی بەرخبوونی خۆیەتی. ئەم دووانەییە لە وێنەیەکی تردا هەر بە جوانی دەبینرێت و هەر هەیە : میرزا و مەردان لە بەرانبەر گوناکار و بەدکار (زەبوور حەقیقەت: ٤٣)؛ خایین و زولفەقار (زەبوور حەقیقەت: ٩٤). ناپاک ئەوە نییە کە دەبێت بە ناپاک، بەلّکوو ئەو کەسەیە کە هەر بە ناپاکی هاتووە، بۆیە جێگای متمانە نییە. زولفەقار خالّی پێچەوانەی ناپاکیە، چونکە هەلّگری زاتی پاکە، و متمانە وەک بەشێک لە پاکی لە زاتیدایە، بۆیە زولفەقار جێگای متمانەیە. بوونی ئەم چەمکانە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەمان دەکەنەوە کە ئایا شوێنکەوتەی یاری هەموو کات ئازادە و سەرپشکە؟ لە ئاکار، وێنەی باش و خراپ، نەگۆڕە و دەستلێنەدراوە وەک دوو جەمسەر. لە کاتێکدا لە ڕەوشتیبووندا، وێنەی لەم چەشنە بوونیان هەیە، بەلّام زۆر بە لێلّی نەک وەک دوو جەمسەر؛ کوالیتیی ئەم جەمسەرانە بەجێگای دوو خالّ، بەسەر خالّی بێئەژماردا دابەش کراون.

---

[1] Divine essence.

جودا لەم وێنانە دەتوانین وێنەی لۆژیکی دووجەمسەریش وەک بڕگەیەکی هزری ئاکاریانەی یارسان دەستنیشان بکەین. بەپێی ئەم لۆژیکە هەموو شتێک لە دونیادا بەسەر دوو بەرەی چاک و خراپ دابەش دەکرێت. ئاوەڵناوەکان دووانەن؛ کەسایەتیەکان خراپ و باشن. ئەم لۆژیکی دووجەمسەریە لە زۆرێک لە ئایینەکانی ناوچەکەدا دەبینرێت، وەک ئیسلام، مەسیحیەت و جولەکە. لە ئایینی یاریشدا ئەم دووجەمسەرییە هەر هەیە لە ژێر ناوی جۆراوجۆر و بە بۆنەی جیاوازەوە. وەک ئەم دوو بەیتەی خوارەوە:

هامیتن و هم، هامیتن و هم		ور نە گل و خار هامیتن و هم
ظلمت و نورت چی فانی پرغم		دوچواردت و یک وستن نە یک رم

(روحتاو ۲: ۳۹۲)

ئەگەر لە ڕەوشتدا ئەسڵ لە سەر سابژێکتیڤیتی و دۆزینەوەی مانا بێت بۆ کردەوەیەک لە لایەن بکەرەکەی، ئەوا لە چەند نمونەیەکدا دەبینین کە بەڕۆژووبوون لە یارسان وەک ئیسلام لەسەر پێداویستی تاکەکەسی و خودمانایی گرنگی پێ‌نەدراوە. بەڕۆژووبوون ئەرکێکە کە دەبێ بەجێ بێت لە لایەن هەر یاریەک. ئەمە هەر لە شیعرێکدا کە بە هی خودی پیربنیامین دەناسرێت هاتوە (ڕۆستەم، ۲۰۰٦: ٦۳). یان لەم دەقی خوارەوەدا:

بگیران سە رووژە یاران داوات پادشاهی		هرکس نگیرو سە رووژە یاران نکرو داوات پادشاهی
بشش نمدان ج خرمن دوو چیایی

(ڕۆستەم، ۲۰۰٦: ٦۲)

«یاران سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن و هەر کەس سێ ڕۆ بەڕۆژو نەبێت لە عەشقی یاران، بنیامین و پیرموسا بێبەری دەبێت»

ئەگەر بەراوردێکی خێرا بکەین لە نێوان هەمان کردار لە یۆنانی کۆن و ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیاوازیی نێوان دوو ڕوانگە لە بەڕۆژووبوونمان بۆ دەردەکەوێت. فوکۆ لە *مێژووی سێکسوالیتە* بەم شیوە ئەم کردارە لای یونانیەکان وەسف دەکات، کە کردارێک نییە وەک ئەرک چاوی لێبکرێت. کاتی بۆ دیاری ناکرێت. ژمارەی ڕۆژیش هەر دیار نییە، جۆری بەڕۆژووبوون هەر دیار نییە. دیاریکردنی هەموو ئەمانە بڕیارێکە لە دەس خودی تاک. ئەو خۆیەتی کە بڕیار دەدات ئەمڕۆ بەڕۆژوو بێت یان مانگێکی دیکە، ئەمساڵ یان ساڵێکی دیکە. ئەو پراکتیکی ئەم کردارە دەکات هەر کات بینی بۆ پاککردنەوە و زاڵبوون بەسەر خود پێویستی پێیەتی (فوکۆ، ۱۹۸٤: ۲۱٤-۲۲۷). دەزانین لە دەقە فەلسەفیەکانی یونانی کۆن بەڕۆژووبوون لەسەر بە ڕەوشتبوون دامەزراوە و دەیان نموونە هێنراوەتەوە کە پرەنسیپی پەیڕەوکردنی تەنها هەستی تاکەکەسی خودی کەسەکەیە نە شتی تر. لەم کولتورەدا، لە سەر ئەم بابەتە و بابەتی هاوچەشن، ئەو دەرئەنجامەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوە تاکە کە لە پرۆسەی سابژێکتیڤیتی و مانادوزینەوەدا بڕیار دەدات بەڕۆژوو بێت یان نە، چۆن بەڕۆژوو بێت، کەی بەڕۆژوو بێت، هتد.

ئەگەر گرنگترین کتێبی یاری سەرەنجام یان کەلامی خەزانە بێت، لێرەدا خوداپەرستیش هەر لە سەر ئەمر و جیاکردنەوەی خوداپەرست و خودانەپەرستە. نۆرمی خواپەرستی بریتیە لە پەیڕەوکردنی ئایینی یاری. لە نێوان پەیڕەوکردن و نەکردندا بژاردەیەک نییە؛ ئەگەر بژاردەیەک غەیری پەیڕەوکردن بێت، ئەوە جگە لە وەدەرنان و دەرکەووتن لە نۆرم هیچی دیکە نییە. باوا ناووس دەڵێت:

ئەز ناوسەنان جەی بەرزە ماوا ئاسیاوم نیاوە جەی تاش کاوا
هەرکەس نەهاڕۆ بەلا نیاوا فەردا مەوینی ڕووشیان سیاوا

(ڕۆستەم، ٢٠٠٦: ٥١)

«من ناووسم لەم شوێنە بەرزەدا و لە ناو ئەم بەردەڵانەدا ئاشی خواپەرەستیم داناوە، هەر کەسێک باراشی خۆی تێدا نەهاڕێ، دواڕۆژ ڕووڕەش دەبێت.»

تەنها یەک تەفسیر لە ڕێگەی ڕاست هەیە و ئەویش لای منە و جگە لەمەش هەر شتێکی تر ڕووڕەشیە. ئەمە بە پێچەوانەی پرەنسیپی ڕێژەییویستی رەوشتیە کە لە هەندێ لە دەقەکانی سەرەوەدا بینیمان. یان لەم بەیتەی خوارەوە:

هەر کارێ خەیرەن پەی خەیر خوا بۆ پەی یار شەڕ ناچێ نەوا گومڕا بۆ

(طاهری، ٢٠١٠: ٣٢١)

سروشت بەندێکی نەگۆڕی ئایین، ئاکار و هەر دوگمێکە. بەڵام سروشتی مرۆیی لە ڕەوشتدا شتێکە کە بە کاملی پەراوێز خراوە. ئەم بەندەی ماریفەتی پیر شالیار سەلمێنەری سروشتی نەگۆڕە. سروشت لێرە هەمان ڕۆڵ دەبینێت کە لە چەند دێڕ سەرووتر زات دەیبینی، یانی خستنە پاڵ ماکێکی نەگۆر بۆ شت یان کەسێک، کە لە ئەگەری هەڵگری و ناهەڵگریدا شوناس و بوونی ئەو کەسە بەتەواوی دەگۆڕیت؛ مریشک لە هێلکەیە و هێلکەیش لە مریشک:

داران گیانداران جەرگ و دڵ بەرگەن گاهێ پڕبەرگەن گاهێ بێبەرگەن
کەرگە جە هێڵە و هێڵە جە کەرگەن ڕەواس جە ڕەواس وەرگ جە وەرگەن

(ڕۆستەم، ٢٠٠٦: ٥٩)

یان:

زاتش نە کەڵەن، زاتش نە کەڵەن گاوم وایرەن زاتش نە کەڵەن
زاتش ئەحمەدەن نازش چەوەڵەن هەنەش نیشانە شاخش پەل پەڵەن

(*سرانجام*، دیوان کەماکەنان: بند ٣٥، ل. ٤٩٣)

خوەشین خورشید، خوەشین خورشید نە سڕ زوهوور کەرد خوەشین خورشید
نەو شەقەی شەهبال، شەهباز سفید بروز کەردش زات نەدانەی ئومید

(*سرانجام*، دیوان شاخوەشین: بند ١٥٩، ل. ٤٥)

لە یارساندا وەک هەر دۆکترینێکی ئاکاری بەرپرسیارێتی ئاکاری دەتوانێت بکەوێتە ئەستۆی کەسێکی تر. لەم نموونەدا تۆمارکردنی کرداری چاکە و خراپە لە ئەستۆی پیرموسایە :

محاسب پیرمووسی ساحێب دەفتەرەن قیبلەی هەقانیش نە پەردیوەرەن

یان ئەوەی کە:

رەزبار تکاکاری مەحشەرە

لە نمونەکانی پێشوودا بینیمان کە ئەوە ئەرکی خودی تاکە کە تاکوو کۆتایی ڕێڕەوی خۆی بڕوات. بەڵام ڕاستی لە یارستاندا هەموو کات ئەو پڕۆسە تاکەکەسیەی ڕەوشت نییە لە دۆزینەوەی ڕاستیدا، بەڵکو گرتنی دامێنی سوڵتانە:

هەر کەس نە جەم دا نە بیرۆ ئەرکان وە راست بگێرۆ دامان سولّتان

ئانە حەقیقەت مێرد یاریەن جە رۆژ حساو وە دیاریەن

(ڕۆستەم، ٢٠٠٦: ٨٦)

پاداشت و چاکەدانەوە و تەمێکردن مێکانیزمی ڕێکخستنی هەڵسوکەوتەکانن:

راز نەکەران فاش رازنەکەران فاش هانا ئەی یاران راز نەکەران فاش

ئی واچە وە رەمز واچن پەرێ تاش نەکا سەرەنجام پختە بن نە داش

(ڕۆستەم: ٨٨)

«رازە نهێنیەکان بڵاو مەکەنەوە دەگینا لە دوارۆژدا لە کوورەی ئاگردا دەسووتێن.»

ئەم توخمانە هەر لە سروودەکانیشدا دەبینرێن وەک لە سروودی چۆنیەتیی دروست بوونی دونیا یان سروودی سەرسپاردن (ڕۆستەم:٩٠-٩٣).

### ٥ــ ئەنجام

ئەوەی کە بۆ توێژەری وەک ئێمە ڕوونە، ئەوەیە کە دەقی یاری هەڵگری پارادۆکسێکە لە ڕووە ئاکاری و ڕەوشتیەکانەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەم دژبەریە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ یان چۆن دەبێت لەگەڵ دژبەری وەهادا هەڵسوکەوت بکرێت؟ وەڵامی پرسیارگەلی لەم چەشنە یەکجار زەحمەتە. بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی ئەم پرسانە زەحمەتە چونکە دەقەکان گرفتی جیددی بۆ توێژەر دروست دەکەن لە سێ ڕووەوە: ڕووی یەکەم، چونکە کۆی دەقە یاریەکان دیار نییە و جارێک کەسیش بە دیاریکراوی ژمارەیان نازانێت. ڕووی دووەم، گرفتی ڕیزبەندیە؛ ڕیزبەندی دەقەکانیش هەر لای یاریەکان بە لێڵی دەمێنێتەوە. کام دەق سەرچاوەی یەکەمە لە ڕاڤە و شیکاری، و کامەیش وەک پاڵپشت دێت؟ ئەمەیش گرفتی جیدی بۆ توێژەر دروست دەکات. زیاد لەمانە، وەک ڕووی سێیەم، دەقی یارسانی بەرهەمی یەک قۆناغی زەمەنی نییە، بۆیە ڕاڤەی هەر دەقێک بەپێی دۆخی سەردەمی خۆی و دواتر دۆزینەی پەیوەندی لە نێوان ئەم دەقانە کە هەر کام هی سەردەمێکن کارێکی یەکجار دژوارە.

بەڵام لێرە و بە پێی پێویست و لە ئاستی ئەم تێزە بچووکەی ئێمە، دەتوانین بەم شێوە وتەکانمان کورت بکەینەوە کە ئەو جۆرەی کە ئەمڕۆ دەگوترێت یارسان لە ڕووی بنەماوە لەگەڵ ئایینە وەحدانی و تاقانەپەرستەکانی وەک ئیسلام، جولەکە و مەسیحی جیاوازیەکی بەرچاویان هەیە، ئەگەر ڕووە ڕەوشتیەکانی ئەم ئایینە لە بەرچاو بگیرێت. لە ڕاستیدا ئەم ڕووەیە کە یارسان لە ئایینەکانی دیکەی ناوچە جیاواز دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر هەندێ بنەمای فکری و هەندێ بنەمای فەلسەفی بکەینە پێوەر، ئەوا دەبینین کە لە سەر بنەمایەکی ساکار و ساناى وەک پێگەی ئاکار و ڕەوشت جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە ناو ئەم ئایینەدا. یارسان وەک هەموو ئایینە تاقانەپەرستەکان هەندێ جار هەر وەک ئایینێکی دووانەیی دەمێنێتەوە؛ لەم جۆرە دەقانە لە ئایینی یاری کەمترین گرنگی دراوە بە ئەزموونی بەسوژەبوون و دواییش ئەزموونی ڕەوشتی بوون. پڕۆسەی مانامەندی و ماناویستی ئەگەر لە ڕەوشتدا پڕۆسەیەکی فرەچەشنە بۆ گەیشتن بە سوژەبوون، ئەوا لە یارساندا ئەم پڕۆسەیە وەک دەق هەموو کات بوونی نییە و زۆر کات بیر و بڕوایە کە سوژەبوون دیاری دەکات.

بۆیە دەتوانین گرفتەکە بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژینەوە و بپرسین کە ئایا لە ئایینی یاریدا جگە لە دەقە پیرۆزەکان، ڕەوشت دەتوانێت سەرچاوەیەکی تری هەبێت؟ یانی وەک هەر کومەڵگایەکی کوردی ڕەوشت دەتوانێت سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت تاکو دەقی ئایینی؟ لێکۆڵینەوە لەم چەشنە پەیوەندیە مەودا و ساتێکی تر دەخوازێت. بەتایبەت ئەم چەشنە پرسیارە دەمانگەیەنێت بە پرسیارێکی دیکە کە ئایا دەبێت یارسان وەک ئایینێک چاو لیٚ بکرێت یان وەک فەلسەفەیەک. بۆ نموونە، ئەگەر خۆدەرخستنی خودایی لە هەر حەوت حاڵەتە دۆنادۆنیەکەدا خاڵی هەرە گرنگی دۆگمای یارسان بێت، ئەوا ئەم بنەمایە یارسان دەباتە دەرەوەی خانەی هەموو فەلسەفەیەک؛ جۆری دەربڕینی ئاکاری یارسان، دەمانبات بەرەولای ئایین، جا هەرچەندیش لە هەندیٚ ڕووەوە لە ئایینەکانی ناوچە جودا بێت. بەڵام ئەگەر ئەم بنەما دوگماتیکیەش وەک پێوەر وەرنەگرین، هەروەها کە بینیمان، لە بیر و بنەماکانی تردا دەتوانین گەلێک توخم و برِگە بدۆزینەوە کە سەلمێنەری پێگەی ڕەوشتی یاری دەکەن؛ دەرکەوتە رەوشتیەکان دەتوانێت بەڵگەیش بێت کە یاری زیاتر فەلسەفەیەکە تاکوو ئایین. یەکلاکردنەوەی ئەم پرسیارەی کۆتایی هەر بەندە بە یەکلاکردنەوە پرسیاری سەرەکی، کە یارسان ئایینێکی ڕەوشتیە یان ئاکاری. بۆیە هەتاکوو وەڵامی ئەم پرسیارە، وەڵامی ئەوەی دیکەیش هەر دەبێت بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە.

**سەرچاوەکان**

**کوردی**

ئیزەدی، میێهرداد (۲۰۰۲). *ئایین و تایفە ئایینییەکان لە کوردستان*. وەرگێڕانی کامەران فەهمی، سلێمانی: مەکتەبی بیر و هۆشیاری.

ڕۆستەم، ئەیوب (۲۰۰٦). *یارسان*. سلێمانی: مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان.

*سرانجام*، دفتر اول (۲۰۰۷). گردآوری طیب طاهری، سلیمانیە: انستیتو فرهنگی کرد.

طاهری، طیب (۲۰۱۰). *زیگ آریایی*. هەولێر: خانەی موکریانی.

**فارسی**

*زبور حقیقت* (۲۰۱۳). تدوین طیب طاهری، هەولێر: خانەی موکریانی، چاپ اول.

روحتاو؛ از برزنجه تا پردیور، جلد ۲ (۲۰۱۱). گردآوری سید محمد حسینی، سلیمانیه: انستیتو فرهنگی کرد.

طاهری، طیب (۲۰۱۳). *شرحی بر نحله‌های فکری و اعتقادی کردستان*، چاپ سوم، هەولێر: خانەی موکریانی.

## English

Bernard, Williams (1989). [The Scientific and the Ethical]. *Anti-theory in Ethics and moral conservatism*, Stanley G. Clarke and Evan Simpson, Albany: State University of New York Press.

Deleuze, Gilles (1988). *Spinoza: Practical Philosophy*. Trans. R. Hurley, San Francisco: City Lights Books.

Habermas, Jürgen (1993). *Justification and Application: Remarks on Discourse Ethics*. Trans. Ciaran P. Cronin, Cambridge: MIT Press.

Hamzeh'ee, M. Reza (1989). *The Yarsan; A sociological, historical and religio-historical study of a Kurdish community*. Berlin: Klaus Schwarz Verlag.

Levinas, Emmanuel (1985). *Ethics and Infinity*. Translated by Richard A. Cohen, Pittsburg: Duquesne University Press.

MacIntyre, Alasdair (1989). *After Virtue*. Notre Dame: University of Notre Dame Press.

Oakeshott, Michael (1989). [The Tower of Babel]. *Anti-theory in Ethics and moral conservatism*, Stanley G.Clarke and Evan Simpson, Albany: State University of New York Press.

Rorty, Richard (2010). *An ethic for today*. New York: Columbia University Press.

Taylor, Charles (1989). [The Diversity of Goods]. *Anti-theory in Ethics and moral conservatism*, Stanley G.Clarke and Evan Simpson, Albany: State University of New York Press.

**French**

Deleuze, Gilles et Guattari, Félix (1980). *Mille Plateaux*. Paris : Éditions de Minuit.

Foucault, Michel (1984). *L'usage des plaisirs : Histoire de la sexualité*, tome II. Paris: Gallimard.

Vali, Shahab (2008). *Les figures de l'Iran pré-islamique dans la littérature des Ŷarsâns, courant religieux kurde*, sous la direction de Mohammad Ali Amir-Moezzi, thèse soutenue à Paris: EPHE.